# دوای مەرگی دوعا چییدەکەیت ئەی ژن؟



چەند دەمەوێت ئازارەکانت بە ترازووی ویژدان بپێوم
هیچ کێشانێک شکنابەم لە "تا"ی ئازارتا
هیچ ئازارێکی دی بەقەد وێنەی مەرگی تۆ
تەڕ ناکات گلێنەکانی هەرتک چاوم،
لە باڵەخانەی ئەم دوورییەوە تەماشای زۆر ئازارم کردووە
لێ هیچیان وەک تۆ نەبوون
هیچیان بەقەد تۆ پڕ هاوار نەبوون
خوا بەردی تێدەگرتیت
خوا تفی تێدەکردیت،
خوا کردبوویتیە پێڵاو
لەپێی ئەم پیاو دەریدەهێنایت
لەپێی پیاوێکی تری دەکردیت،
شەڕی ژن شەڕە لەگەڵ خودادا
ئەی ژن: تۆ ئەگەر بتەوێت پیاو نەویی بکەیت
پێویستە خودا بکووژیت
بگەڕێیتەوە بۆ بەهەشت، لەوێ بە ماری "هێرا"
خودا بە داری زانستدا هەڵبواسیت،

## پۆلا سەعید

ژنی کورد لەدوای مەرگی دوعاوە چیی دەکات؟ دەتوانێت چیی بکات؟ ژنی کورد، کە نەتوانێت خاوەنی چوار دیوار بێت، چلۆن دەتوانێت خاوەنی خودی خۆی بێت وەک مرۆڤێکی ئازاد؟! ئازادیی و گەورەییی بەرهەمی ئەقڵی ژنی کورد لەنێوانی ئەو چوار دیوارەدا بەرهەم دێت، کە ئەوان خاوەنی نین، چوار دیوار، کە بەتەنها خۆی تێدا دەژیی و خۆی خاوەنی بڕیارە تێیدا. شتێک نییە ناوی یەکێتیی ژنان بێت لە کوردستان دا، هەموو

ئەو دەزگایانەی، کە بە ناوی یەکێتیی ژنانەوە هەیە، زیندانێکن بۆ ژنان، ئاخر یەکێتیی ژنان دەبێت زادەی ئەقڵی ژنی ئازاد خۆی بێت نەک بەشێک بێت لە ئۆرگانەکانی پارت و دەستەڵات. هەموو ئەمجۆرە یەکێتییانە جۆرە پیشەسازییەکە بۆ دەستەمۆکردنی ئەقڵی ئازادی ژن، کێشەی گەورەش لەوەدایە، هەموو ئەو ژنانە لەو ئۆرگانانەدا خۆیان بە ژنی ئازاد دەزانن، لێ لە ڕاستییدا کۆیلەن، هیچ نین بێجگە لە ماریۆنێتێک زیاتر. ژنان لەم بوارەدا کۆیلەن، کە بە قسەی ئاغاکانیان هەڵدەخڵەتێن و باوەڕیان پێدەکەن. باوەڕێک، کە لە سەرەتاوە درۆیەکی گەورەیە لەگەڵیاندا دەکەن، ژنی کورد بۆ ئەم باوەڕپێهێنانە درۆییە هەم دەژیی هەم دەمرێت. ژنانی ئێمە هەتاوەکوو ئێستا نەیانتوانیوە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن ئایا چیی ڕاستە و چیی ناڕاستە؟ ژنی ئێمە لەلایەک دیلی خودا و ئایینە لەلایەکی تر دیلی دەستی پیاو و پارت و سەرکردەیە، ژنی ئێمە نەیتوانیوە خۆی بڕیار بدات لەسەر ئەوەی چیی ڕاستە و چیی درۆیە؟ هەمیشە خۆیداوەتە دەستی پیاو، پارت، سەرکردە، خودا و ئیسلام. لە خێزاندا ئەم پرۆسێسە بەبچووککراوەیی دووبارە دەبێتەوە، دایک و باوک هەر لە سەرەتاوە بە ترس منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن، کە لە ئایندەدا نەتوانن ئاسان ڕاست و درۆ لێکجیابکەنەوە، کاتێکیش پێیانوایە خۆیان لەو ژێردەستییە ڕزگارکردووە بە هەڵەدا دەچن، کوڕ لە ژیانی پارت دا درێژە بەو کۆیلایەتییە دەدات و بەبێ فەرمانەکانی پارت و سەرکردە ناتوانێت بڕیار بدات لەسەرئەوەی چیی ڕاستە و چیی درۆیە؟ چونکە پارت و سەرکردە باوەڕ بەو دەهێنن لە هەڵبژاردنی ڕاست و درۆدا، باوەڕپێهێنانێک، کە لە ئەزەڵەوە درۆیەکی گەورەیە پارت و سەرکردە لەگەڵیدا دەکات. کچانیش شوودەکەن و مێردەکانیان درێژە بە پرۆسێسی کۆیلەکردنی ئەوان لە چوارچێوەی چوار دیواردا دەدەن، لێرەدا ئینجا پیاو هەر ڕێگایەک هەڵبژێرێت بۆ باوەڕپێهێنان هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت مەبەست لەو ڕێگایە ئەوەیە، ئایا پیاوەکە بە میتهۆدی تێهەڵدان و تەمبێکردن یان هەڵخڵەتاندن و درۆ لەگەڵ کردن باوەڕ بە ژنەکە دەهێنێت چیی ڕاستە و چیی درۆیە؟ لەم بەینەشدا ژنەکە دەچێتە ژێر باوەڕپێکردنێکەوە، کە خۆی پێ ئازادە، لێ لە ڕاستییدا ئەو هیچ نییە بێجگە لە ماریۆنێتک، بێجگە لە دیلێک، بێجگە لە کۆیلەیەک. نموونەیەکی زیندوو لە کۆمەڵگای کوردیی دا، پیاوێکی بنەماڵە داوا لە یەکێک لە ژنەکانی بنەماڵە دەکات لەگەڵیدا بخەوێت ژنەکە ڕازیی نابێت، ئەم ژنە ڕاستیی بۆ ئەندامانی بنەماڵەکە دەگێڕێتەوە کەس باوەڕی پێناکات، چونکە ئەو پیاوەی داوای سێکسی لە ژنەکە کردووە پیاوێکی مسوڵمان و نوێژکەر و لە خوا ترسە. پیاوەکە سوێند بە قورئان دەخوات، کە ئەو ژنە درۆ دەکات و دەیەوێت شیرازەی بنەماڵە تێکبدات، ئەم پیاوە بە سوێند خواردنێک توانی باوەڕ بە هەموو ئەندامانی خێزان بهێنێت، کە ئەو قسەیەی ئەم ژنە کردوویەتی بێجگە لە درۆیەکی ڕووت هیچی تر نییە. ئەم ژنە نە باوەڕی بە ئیسلام هەبوو نە بە خودا بۆیە کەس باوەڕی پێنەکرد، ئەو ڕاستییەی ئەو ژنە گێڕایەوە وەک درۆیەک گەیشتە ئەندامانی خێزان، ئەو درۆ گەورەیەی، کە پیاوەکەش گێڕایەوە وەک ڕاستییەکی بێگەرد و بێ غەش گەیشتە ئەندامانی خێزان. پارتەکانی ئێمە خاوەنی هونەری

درۆکردنن، بۆیە بێدەنگییان بەرانبەر بە کووشتنی دوعا هەڵبژارد. هونەری درۆکردنیش بریتییە لە هونەری باوەڕپێهێنان، کە بەشێکە لە هونەری گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەوان دەیانەوێت بە کۆمەڵێک سیناریۆی دروستکراو مەرگی دوعا بگەیەننە خەڵکیی، کە لێرەدا تەنها مرۆڤە گێلەکان دەکەونە بەرتەوژمی باوەڕپێهێنانەوە ئەوان سەرسامدەبن بەو درۆیانەی، کە دەستەڵات لەگەڵیاندا دەکات بۆیە لەلای ئەوان درۆ بریتییە لە ڕاستیی. هەموو تەمەنی پارت و دەستەڵاتی سیاسیی کورد قسەیەکی ڕاست چییە لەگەڵ کۆمەڵدا نەیانکردووە، وەلێ چونکە خاوەنی هونەری باوەڕپێهێنان بوون درۆکانیان وەک گەیاندنی ڕاستیی گەیشتۆتە جێگای خۆی. کێشەی مرۆڤ لێرەدا ئەوەیە، کە خۆی دەخاتە کۆتاییەوە، وەستان لە بیرکردنەوە نیشانەی کۆتایی پێهێنانی خودە وەک مرۆڤ. تاکە کەس دەبێتە دۆگمایەک ئەوەی تێیدا تۆمار کرابێت وەک باوەڕ ئەو ئامادە نییە گۆڕانی بەسەردا بهێنێت ئەگەرەکوو ئەو شتەی وەک باوەڕیش چووبێتە مێشکی ئەوەوە درۆیەکی گەورەش بێت. ئەمە گەورەترین مەینەتییە، تووشی مرۆڤی ئێمە دەبێت، کە بەهەموو شێوەیەک یاسا ڕەچەڵەکییەکان ڕەتدەکاتەوە و باوەڕی بە جوڵە و گۆڕان لە سروشتدا نامێنێت، ئەو ڕیالیزمییەت بە شتێکی وەستاوی هەمیشەیی دەزانێت هەربۆیە ئەمانە درۆکانی پارت و سەرکردە دەکەنە هەم قەڵغان هەم چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵ و خەڵکانی چ ڕاپەڕیوو چ خۆپیشاندەر و ڕەخنەگر، مرۆڤ لێرەدا دەبێتە کۆتایی دەبێتە ئاژەڵێکی ماڵیی نەخۆش. ژنی کورد دەبێت بزانێت چیی باشە و چیی خراپە. با بزانین سەرەتا چیی باشە؟ نیچە لە وەڵامی باشەدا دەڵێ: هەموو هەستێکی دەستەڵات، ویستنی دەستەڵات، بەرزکردنەوەی دەستەڵات لە خودی مرۆڤ دا پێناسی هەبوونی باشەیە. چیی خراپە؟ هەموو ئەو شتانەی لە بێهێزییەوە سەرچاوە دەگرن واتای بوونی خراپە، کە تەواوی ئەم بێهێزییە لە ژنی کورددا خۆی دەبینێتەوە. ئەدی بەخت چییە؟ ئەو هەستەی، کە گەورەبوونی دەستەڵاتت نیشان دەدات. لەدوای مەرگی دوعاوە ئاسوودە مەبە قانع مەبە بەڵکوو دەستەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنە ئەی ژنی کورد، لەپێناوی مافەکانتدا ئاشتییت نەوێت بەڵکوو لەپێناوی ئازادبوونتدا شەڕ هەڵبگیرسێنە ئەی ژن، خاوەنی دابونەریتێکی پێکهاتەیی مەبە، بەڵکوو هێز زیاتر بەکاربهێنە ئەی ژن.

ئەم سێ مانگەی ڕابوورد، کووشتنی ژن لە باشووری کوردستان دا لە ڕاوی پۆڕ و سوێسکە دەچوو، بەبێ ئەوەی دەستەڵات نووقە چییە لێوەی بێت. ئاخر ئەم دەستەڵاتە ئازادیی بەوشێوەیە دەبەخشێت، کە خۆی باوەڕی پێیەتی، کووشتنی ژنانیش یەکێکە لە باوەڕەکانی ئەو، هەربۆیە چرای سەوزی کووشتنی ژنان بۆ پیاوان هەڵدەکات. دیارە لە ڕاپەڕینەوە دەستەڵاتی سیاسیی پارتە کوردییەکان بە هەق لەگەڵ کووشتنی ژناندا بوون. لە دوای ڕاپەڕین ڕێژەی کووشتنی ژنان لە ڕێژەی کووشتنی کۆنە نیشتیمانفرۆشان زیاتربوو. پارت خۆی داینەمۆی هەڵسووڕاندنی ماتۆڕی کووشتنی ژنان بوو لە کوردستان دا، ئەم نەخۆشیی ژن کووشتنە لە کوردستانەوە، پارت بە دیاریی ناردی بۆ هەندەران، ئەوە هەر جەللادەکانی پارت بوون لە هەندەرانیش کەوتنە کووشتنی ژن و کچەکانیان، لە

وڵاتی سوێدندا بەتایبەت. پارت هەتا بیتوانیایە دەستدرێژی سێکسیی دەکردە سەر کچان و ژنانی کورد لە باشووردا، وەکئەوەی چێژی لەوێدابوونی ئەوان وەک دەستەڵاتدار لە باشووری کوردستان دا لە هەبوونی زۆرترین پارە و گەورەترین دەستەڵات و فراوانترین سەرای تیا گەوزاندنی ئارەزووە شەهوانییەکانیاندا بێت. قووتابخانەیەکی دواناوەندیی کچان، پەیمانگایەک، زانکۆیەک لە باشووری کوردستان دا شکنابەیت لێپرسراوانی پارت سەگی ئارەزووەکانی خۆیان تێدا بەرنەدابێت، هێندەی ئەمان کوردستانیان هەتککردووە هەرگیز بەعس لە میانەی سیی و پێنج ساڵەی تەمەنی خۆیدا وەک دەستەڵاتێکی سەرکووتکەر و زاڵ نەیتوانیوە بیکات. ئاخر سەمەرە نییە کاتێک ڕۆژنامەوانێک بە بەرپرسێکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ( ... ) دەڵێ: وەڵامت چییە بۆ هەموو ئەو گلەیییانەی، کە لێتدەکرێت دەرهەق بە کردنی زۆرترین کاری سێکسیی لەگەڵ کچانی دواناوەندییەکاندا؟ لە وەڵامدا ئەو بەرپرسە دەڵێ: ئینجا خۆ بەزۆر سێکس ناکەم لەگەڵیاندا من پارەیان دەدەمێ. سەرسامترین نموونە کووشتنی ( جوانە و مهاباد)ە، ئەم دوو خوشکە هەتا سەرانی یەکێتیی نیشتیمانیی بۆیانکرا لەگەڵیاندا ڕایانبوارد دواکاتیش بە پیاوێکی خۆیان کووشتیانن. پارت ویستێتی ژن بکووژرێت، پارت کووشتنی ژنان پەسەند دەکات، پارت ئامادەیە لەسەر دۆلارێکی ئیبراهیم خەلیل و داهاتی نەوتی ئێراق گەورەترین کارەسات بنێتەوە ئەگەر پێویستیشیکرد ئەوا ئاسایشی نەتەوەییی کورد و بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانیشی تێدا دەخاتە مەترسییەوە، لێبەڵێ گەورەترین بێدەنگیی بەرانبەر بە کووشتنی ژنان هەڵدەبژێرێت. ئافەریین دەستەڵات، کە بتوانیت چەندیین هەفتە بێدەنگیی بەرانبەر بە بەردەبارانکردنی (دوعا) هەڵبژێریت، هەموو بێدەنگییەکی ئەویش نیشانەی پەسەندکردنی تاوانەکانە. ئافەریین تاکی کورد لە باشووری کوردستاندا، ئافەریین نووسەران، هونەرمەندا، ڕۆشنبیران، کە یەک نووقە چییە لێتانەوە نەهات بەرانبەر بە بەردەبارانکردنی (دوعا). ئێوە هەمیشە وەک دەستەڵات ڕەوەندی کوردییتان لە هەندەران لەلا کەمە، لێ ئەوە ڕەوەندی کوردیی بوو، مەرگی دوعای گەیاندە هەموو دونیا، پۆلیسی ڕیسواکرد، بۆ هەموو جیهانی ئاشکراکرد، کە پۆلیس لەو وڵاتەدا هیچ نییە بێجگە لە پاسەوانانی تاوان و تاوانکاران.

ئەگەر ئەم بەردبارانکردنە نیشانەی پیاوەتییە

ئەوا حاشا من پیاو نیم

ئەگەر ئەمجۆرە کووشتنە نیشانەی خودا پەرستنە

ئەوا حاشا من ئادەمیی نیم،

ئەگەر ئەم دڵڕەقییە نیشانەی مرۆڤایەتییە

ئەوا حاشا لە ئێوە من ئاژەڵێکی کێوییم،

ئەگەر دوعا دەنگیی ئێوە بێت

ئەوا من دەنگێ زیخی ژێرپێیم،

30.04.2007